وەزارەتی داد و ئاسایشی نیشتمانی تاوتوێی بەرزکردنەوەی هەوڵە هاوبەشەکانی ناو زیندانەکان دەکەن

ئەمڕۆ دووشەممە، کۆبوونەوەیەکی باڵا لە وەزارەتی داد بە ئامادەبوونی وەزیری داد خالد شوانی و هاوڕێکاری ئاسایشی نیشتمانی، قاسم ئەعرەجی، بۆ تاوتوێکردنی ڕێگاکانی بەرزکردنەوەی هەماهەنگی ئەمنی و هەواڵگری لە چوارچێوەی چاکسازییەکان ئەنجامدرا.

لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی داد دا هاتووە: "کۆبوونەوەیەکی ئاست بەرز لە بارەگای وەزارەتی داد بەڕێوەچوو، کە وەزیری داد، خالد شوانی، و هاوڕێکاری ئاسایشی نیشتمانی، قاسم ئەعرەجی، و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی یاریدەدەرانی ئاسایشی نیشتمانی، بۆ تاوتوێکردنی ڕێگاکانی بەرزکردنەوەی هەماهەنگی ئاسایش و هەواڵگری لە چوارچێوەی دامەزراوە چاکسازییەکان".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆشکراوە، "لە کۆبوونەوەکەدا باس لە میکانیزمەکانی بەردەوامیدان بە کاری هاوبەش لە نێوان وەزارەتی داد و دەزگا ئەمنییەکان و هەواڵگرییەکاندا کراوە، هەروەها گرنگی چەسپاندنی هەوڵەکی ئەمنی یەکگرتوو، کە بەشدار لە بەرزکردنەوەی سەقامگیری و ئاسایشی زیندانەکان و ڕێگریکردن لە هەر سەرپێچییەک لە چاکسازییەکان".